# عیــراق

## پەخشــنامەی ســــندووقی فــراوانی بەدەنگەوەهــاتنی مرۆڤایەتی (ERF)

**ژمارە 12- ئەیلولی 2008**

**سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF): سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی عیراق بە ئامانجی یارمەتی دانی پڕکردنەوەی بۆشایی مرۆڤایەتی هەرە گرنگە لە نێوان کەرتە جیاجیاکان لە ڕێگای پارەبەخشینی ساناى ئامادەی بەردەست بۆ بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕ. ئەوپەڕی بەخشین 400,000 دۆلارە. بەخشینی بچووکی ڕێکخراوی ناحکومی: بەخشینی بچووکی ڕێکخراوی ناحکومی بڕی پارەی کەم دابین دەکات بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی کتوپڕی بەدەنگەوەهاتن و مەبەست بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومیە عیراقیەکان. ئەوپەڕی بەخشین 50,000 دۆلارە.**

## زانیاری تازەی کردەنی

### سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF)

**پرۆژە و باری دارایی:**

سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی ERF سەرجەمی 60 پێشنیاری پرۆژە/ داواکاری پارە بەخشینی وەرگرتووە لەوەتی مانگی ئابی 2007 تا کۆتایی مانگی ئەیلولی 2008. لەوانە، 17 پێشنیار لە لایەن ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی پێشکەش کراوە و 43 لە لایەن ڕێکخراوی ناحکومی عیراقی. لیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC) سەر بە ERF 45 داواکاری پارەبەخشینی پەسەند کرد لە سەرجەمی 60 پێشنیاری پرۆژە کە پێشکەش کراوە. بیست و حەوت لەو پرۆژانەی پارەیان پێدراوە تەواوکراون، و حەڤدە لەژێر جێبەجێکردن دایە. سەرجەمی تێچووی 45 پرۆژەکەی پارەی پێدراوە 7,665,964 دۆلارە.

هەروەها یانزە پرۆژەی تر بە گوژمەی گشتی نزیکەی 1,275,340 دۆلار ئێستا لە ژێر پێداچوونەوە دایە. لە دواییدا، چوار پرۆژە ڕەتکراوە لە لایەن لیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC). شی کردنەوەیەکی پرۆژەکانی پارەی پێ بەخشراوە و شوێنەکانی تیایدا جێبەجێکراوە یا جێبەجێ دەکرێت لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە. هاوبەشەکانی ئێستا پرۆژە بەردەوامەکانی لە لایەن ERF گوژمەی بۆ دابین کراوە جێبەجێ دەکەن بریتین لە: کۆمەڵگای ئەلئەمەل ی عیراقی، ناوەندی دەریا، ڕێکخراوی تیر دیس ئۆم، و ڕێکخراوی تۆدیا Todia.

**باری 60 پێشنیاری پارەدانی پێشکەشکراو:**




### بەخشینەکان بە سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی ERF:

سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی ERF سەرجەمی 8,013,914 دۆلاری وەرگرت وەك بەخشین لەوەتی ئابی 2008 (لە سەدا سێی ئەم پارە تەرخان کراوە بۆ بەڕێوەبردنی سندووق). هەروەها بەخشینی 15 ملیۆن دۆلار پەسەندکرا لە 7ی تەمموز لە لایەن دەزگای سندووقی ئاوەدانکردنەوەی نێودەوڵەتی بۆ عیراق (IRFFI) لە سندووقی متمانەی عیراقی (ITF) بۆ سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی ERF و پارە ناردنەکە بۆ سندووق ئێستا لەژێر جێبەجێکردن دایە.

**لیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC):**

لیژنەیەکی پێداچوونەوەی تەکنیکی نوێ دادەمزرێنرێت لە ژێر ڕابەرایەتی ڕێکخەری مرۆڤایەتی. ئەندامێتی نوێ پێکهاتووە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNICEF و IOM)، و بەخشەرەکان (ئیتاڵیا و نەرویژ)، و ڕێکخراوی ناحکومیەکان (ئەنجوومەنی پەنابەرانی دانیمارکی (DRC) و تیر دیز ئۆم (TDH).

**باری بەخشینی سندووقی ئاوەدانکردنەوەی نێودەوڵەتی عیراق (IRRFI) بۆ ERF: پێشنیارێکی ناردنی 15 ملیۆن دۆلاری لە بەشی پارەی سوود لە IRRFI بۆ ERF پەسەند کرا لە لایەن تیمەکانی بەرهەمی کەرتی پەیوەندیدار. پێشنیارەکە بە نیازە پێشکەش بکرێت بە گرووپی پێداچوونەوەی پییر لە بەغدا لە 14ی تشرینی یەکەمی 2008 بۆ ڕوونکردنەوە.**

نووسینگەی ڕێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی OCHA و لیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی TRC بەردەوامن لە جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی هەڵسەنگاندنی دەرەکی ERF کە لە حوزەیرانی 2008 سازکرا. ئەمەش بریتی یە لە هەنگاوەکانی خێراکردنی پرۆسەی داواکاریەکانی بەخشین، و دەستەبەرکردنی هاوبەشی و ڕاوێژکردنی گەورەتر، و هاندانی خۆئامادەکردن. سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتن (ERF) ی بووژاوە جەخت دەکاتە سەر یارمەتی گشت کەرتەکان کە ئامانجی:

- أ) بەهاناهاتنی زیان پێگەیشتووان لە کۆمەڵگاکانی بە سەختی دابڕاون بەهۆی تەنگ و چەڵەمە، لە ڕێگای پڕکردنەوەی بۆشایی گەیشتنی خەڵکی زیان پێگەیشتوو بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان.
- ب) دابین کردنی پاراستنە بۆ زۆربەی هاووڵاتیە زیان پێگەیشتووەکان دژی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیان.
- ت) باشترکردنی توانا و سەرقاتکردن و ڕێکخستن و کاریگەری کاری مرۆڤایەتی.
- پ) پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان کاری دەستبەجێ بۆ خێزانەکانی لە گیروگرفت دان و یارمەتی دانیان بۆ چارەسەری زوو.










**پـــارەدان**




**ژمارەی سودمەندان**

## چەند راستیەك دەربارەی سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتن ERF:

- ERF هەڵدەستێت بە بەخشینی پارە بە شێوەیەکی خێرا بە رێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان بۆ هەڵسان بە کاری مرۆڤایەتی دەستبەجێ لە عیراق بۆ کەمکردنەوەی کێشە و ئازاری هاوڵاتیان لە رێگای بەدەنگەوەهاتنی دەستبەجێی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان. سوودمەندانی نموونەیی پرۆژەکانی لەلایەن ERF گۆڕمەی بۆ دەدرێت بریتین، وەك نموونە، لە خەڵکی راگوێزراو و کۆمەڵگا کارتێکراوەکان بەهۆی توندوتیژی و خەڵکی پەیکەوتە. ئەمەو مەبەستی ERF بەدەنگەوەهاتنی کێشەی کۆمەڵایەتی درێژخایەن یا ئاوەدان کردنەوە یا هەر پێداویستەیەکی گەشەسەندنی درێژخایەنی تر نیە.
- ERF هەوڵدەدات پارە بۆ سندووقەکە دابین بکات لە رێگەی بەخشینی تازە لەسەر بنچینەیەکی خولاو. سندووقەکە بەلای زۆر 400,000 دۆلار و بەلای کەم 25,000 دۆلار دەبەخشێت بۆ هەر پرۆژەیەك.
- پارە بەخشینەکان بە ERF بە شێوەیەکی کۆکراوە و دیاری نەکراو رەفتاری لەگەڵ دەکرێت، واتە ناسنامەی بەخشەر وون دەبێت.
- لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TCR) بەشێکی تەواوکەری ERF ە کە پێکهاتووە لە رێکخراوی کۆچکردنی نێودەوڵەتی IOM سەر بە UN هەروەها نوێنەرانی رێکخراوە ناحکومیەکان و بەخشەرەکان.

*(بۆ وورددەکاری زیاتر، تکایە بڕوانە پەیڕەونامەی ERF، کە دەتوانن لە نووسینگەی رێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی OCHA نووسینگەی عیراق دەستتان کەوێت لە رێگای ئیمێل ochairaq@un.org).*

## بەخشینی بچووکی ڕێکخراوی ناحکومی

ئێستا بالأنسی سندووقی هاوبەشی بەخشینی بچووکی ڕێکخراوی ناحکومی سفرە. کاتی ئێستا OCHA پێشنیاری تر وەرناگرێت لە ژێر ئەم بەخشینە تا کاتی وەرگرتنی پابەندێتی بە پارە بەخشینی زۆر پەیوەست و بە پەلە.



بێوەژنان لە زی قاڕ یارمەتی مرۆڤایەتی وەردەگرن/ کۆمەڵەی خۆشەویستی و ئاشتی

## *دەرخستنی پڕۆژەکانی لەلایەن ERF گوژمەی پێدەدرێت:*

## دابەشکردنی خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی بۆ 1000 بێوەژن لە زی قاڕ:

### کۆمەڵەی خۆشەویستی و ئاشتی

توندوتیژی لە عیراق بۆتە هۆی راگوێزرانی ناوخۆیی 2,8 ملیۆن کەس و لە دەستدانی سەرۆك خێزان یا بژێو پەیداکەری زۆر خێزان. ئاستەکانی زیان پێگەیشتن لە نێوان دانیشتوانی زیان پێگەیشتوو جیاوازە لە نێوان گرووپەکان. بەشێکی زۆری خەڵکی راگوێزراو بەشە خۆراکی سیستەمی دابەشکردنی گشتیان پێنادرێت چونکە تۆمار نەکراون لە ناوچەکانی راگوێزرانیان لە ئەنجامی وونبوونی بەڵگەنامەی ماف پێدان و هەنگاوە رۆتینیەکانی دام و دەزگاکان. هەتیوو و بێوەژنی بە تەمەن بەشێکن لە زۆرینەی خەڵکی راگوێزراوی زیان پێگەیشتوو، بەبێ ئیش لەناو بەرزبوونەوەی نرخی خۆراك. بە راوێژکاری لەگەڵ دەسەلاتە ناوخۆییەکان، و کاربەدەستانی کۆمەڵگا و کۆمەڵگا ناوخۆکان لە زی قار، کۆمەڵەی خۆشەویستی و ئاشتی هەڵستا بە دەستنیشانکردنی 1000 بێوەژنی زیان پێگەیشتوو کە پەیوەستن بە یارمەتی دان لە پێنج لە قەزاکانی پارێزگا: کیبەیش، و سوق ئەلشیوخ، و شەترە، و رفاعی، و ناسرییە. زۆر لە سوودمەندان (55٪) بێوەژنی بەتەمەنن بەبێ دەستکەوتی دڵنیایی کۆمەلایەتی کە خێزانەکانیان دابینی بکات یا هاوسەرە مردووەکانیان کە زۆربەیان کوژراون بە هۆی توندوتیژی لە شوێنی جۆراوجۆر لە وولات، ئەمەش کە بۆتە هۆی راگوێزرانی بێوەژنەکان.

ڕێکخراوە ناحکومیە خۆماڵیەکە هەوڵی دا و پارەی وەرگرت لە ERF بۆ دابین کردنی هانای کاتی لە ڕێگای دابەشکردنی خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی بۆ بێوەژنە دەستنیشانکراوەکان و خێزانەکانیان. سوودمەندە بژاردراوەکان پێشتر هیچ یارمەتیەکیان وەرنەگرتبوو و ژمارەکی گەورەتری خێزانانی گرتەوە کە زیاتر بوو لە تێکڕای ناوچەکە، لە نێوانیشیاندا، هەتیوو. پڕۆژەکە کە لە مانگی ئاب و بەشێك لە مانگی ئەیلول جێبەجێ کرا لە نزیکەوە هەماهەنگی کرابوو لە گەڵ دەسەلاتە ناوخۆکان، کە پلانی داناوە بۆ بنیاتنانی توانای دابین کردنی داهات بۆ بێوەژنان لە ڕێگای مەشق پێکردنی پیشەیی دوورمان و دروست کردنی مافوور و خۆراك. زیاتر لەمەش، پاڵپشتی کۆمەڵەی خۆشەویستی و ئاشتی یارمەتیەکەی هەماهەنگ کردبوو لە گەڵ ڕێکخراوی مرۆڤایەتی تر لە ناوچەکە بە تایبەتی کۆمەڵەی خاچی سوور، هەروەها وەزارەتی کۆچ کردن و راگوێزران بۆ دڵنیابوون لە دووبارەنەبوونەوەی یارمەتیەکان.

---

## دابەشکردنی خۆراك بەسەر خەڵکی راگوێزراوی زیان پێگەیشتوو بەهۆی شەڕوپێکدادانی چەکداری لە بەسڕە: ڕێکخراوی رەفاه بۆ بەهاناهاتن و گەشە پێکردن (RORD)

دانیشتوانانی مەدەنی بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر زیانیان پێگەیشتووە بەهۆی نەبوونی ئاسایش، بۆ نموونە تەنانەت لە کاتی ئۆپەڕاسیۆنە ئاسایشیەکانیش، هەروەك ئەوەی لە بەسڕە لە کۆتایی مانگی ئادار روویدا. توندوتیژی و خاڵەکانی پشکنین و گەمارۆدان بووە هۆی سەختکردنی گەیاندنی کەل و پەل بۆ بەسڕە، کە ئەمەش بووە هۆی نەمانی عەمباری خۆراك لە شارەکە. سەرەڕای باش بوونی باری ئاسایشی لە بەسڕە، هەندێ خێزان هەر لە گیروگرفت دەژین و دووچاری کەمی خۆراکن. خەڵکی راگوێزراو لە بەسڕە دووچاری کێشەی زیاتر دەبن لەبەر نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوونی گونجاو، و ئاوی پاکی خواردنەوە، و هۆکارەکانی تەندروستی. زۆر لە خێزانە راگوێزراوەکان نەیانتوانیوە پسوولەی خۆراکیان بگوێزنەوە دوای راکردنیان لە ماڵەکانی خۆیان. وە لەبەر ئەوەی زۆربەیان داهاتێکی جێگیریان نیە، بۆیە کەمی خۆراك بەگشتی و بەرزبوونەوەی نرخی خۆراك گیروگرفتی زیاتر دێنێتە ئاراوە.

لە پڕۆژەکەی لەلایەن ERF ەوە گوژمە پێدەدرێت، ڕێکخراوی رەفاه بۆ بەهاناهاتن و گەشە پێدان چەند خێزانێکی راگوێزراوی دەستنیشان کردووە کە خاوەن چەند زیانێکی تایبەتن لە نێوان خەڵکی راگوێزراوی بەسڕە. گرووپە مەبەستەکان بریتی بوون لە خێزانەکانی ئافرەت بەڕێوەی دەبات، و خێزانەکانی منداڵی زۆریان هەیە، و کەسانی پەککەوتە و بێوەژنان. پڕۆژەکە کەل و پەلی خۆراکی سەرەکی دابەشکرد بەسەر 600 خێزان بۆ ماوەی یەك مانگ.

**دەرخستنی مرۆڤایەتی: بەرپابوونی کۆلێرا**

بەرپابوونی کۆلێرا لە عیراق لە 2008 بۆ یەکەم جار راگەیندرا لە میسان لە سەرەتای مانگی ئاب. کۆلێرا نەخۆشیەکی جێگیرە لە عیراق کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) وادادەنێت کە نزیکەی 600 حاڵەتی کۆلێرا روودەدات ساڵانە. دواترین بەرپابوون بووە هۆی گیان لەدەستدانی 8 کەس: لە میسان (1)، لە بەغدا (1)، بابل (3)، بەسڕە (1)، قادسییە (2). سەرجەمی 462 حاڵەت دووپاتکراوە لە 30 قەزا لە 10 پارێزگا لە سەرتاپای عیراق. زۆرترین حاڵەتی تووشبون لە پارێزگای بابلە، کە دەگاتە 230 حاڵەت و سێ حاڵەت دووپاتکراوە و پاشان مردنی تووشبوەکانی لێکەوتەوە. نۆ پارێزگاکانی تری تووشبوونە بریتی یە لە: ئەنبار، بەغدا، بەسڕە، دیوانییە، دیالە، کەربەلا، میسان، نەجەف، و واسیت. 462 حاڵەتە دووپاتکراوەکە لەژێرەوەی تێکرای

سالأنەیە کە 600 حاڵەتە. ڕێکخراوە مرۆڤایەتیەکان، بە رابەرایەتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ( WHO ) و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان ( UNICEF ) و هاوبەشانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، تەواوکەری بەدەنگەوەهاتنی حکومەتن بۆ بەرپابوونەکە لە ڕێگای دابەشکردنی کەل و پەلی پزیشکی و هەڵمەتەکانی زانیاری تەندروستی گشتی بۆ قەدەغەکردنی زیاتر بلاوبوونەوەی نەخۆشیەکە و سنووردارکردنی کاریگەرەکەی. ڕێکخراوی WHO هەڵستا بە یارمەتی دانی حکومەت لە ڕێگای دامەزراندنی 950 سایتی چاودێری کردن لە سەرانسەری وولأت لە 2007 دوای بەرپابوونێکی سەختتری کۆلێرا. پلانی خۆئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونی کۆلێرا، کە لە حوزەیرانی 2008 پێداچوونەوەی لەسەر ئەنجامدرا، خرایە کارەوە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی. حکومەت و هاوبەشانی مرۆڤایەتی یارمەتی تەکنیکی پێشکەش دەکەن لە ڕێگای دابەشکردنی خوێ ووشکبوونەوەی دەمی، و دەرمانی پاککردنەوەی ئاو، و ئاوی سازی خواردنەوە لە ناوچە تووشبووەکان.

**حاڵەتەکانی کۆلێرەی ئەگەری و دووپاتکراو لە تاقیگە**

**عیراق**[1]، 2008/8/7 – 2008/10/13

| پارێزگا | ژمارەی قەزا تووشبووەکان | ژمارەی حاڵەتەکانی مردنی ڕاگەیندراو | ژمارەی حاڵەتەکانی لە ژێر پشکنین دایە | ژمارەی حاڵەتەکانی کۆلێرای دووپاتکراو لە تاقیگە |
|---|---|---|---|---|
| بەغدا | 8 | 1 | 0 | 73 |
| میسان | 1 | 1 | 0 | 03 |
| بابل | 4 | 3 | 15 | 230 |
| کەربەلا | 3 | 0 | 02 | 34 |
| نەجەف | 2 | 0 | 0 | 08 |
| دیالە | 1 | 0 | 0 | 01 |
| بەسرە | 5 | 1 | 04 | 49 |
| ئەنبار | 1 | 0 | 0 | 9 |
| قادسییە | 4 | 2 | 05 | 54 |
| واسیت | 1 | 0 | 0 | 1 |
| کۆی گشتی | 30 | 8 | 26 | 462 |



خێزانەکانی لەلایەن ئافرەتانەوە بەڕێوەدەچێت یارمەتی وەردەگرن لە ڕێکخراوی ڕەفحە لە بەسرە

[1] تیمی بەرهەمی کەرتی تەندروستی و خۆراک، راپۆرتەکانی باری کۆلیرا و راپۆرتی باری رۆژانەی WHO لەسەر سکچوون و کۆلێرا تا 5ی تشرینی یەکەمی 2008.

## زانیاری تازە دەربارەی پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتوو ( CAP )

راوێژکاری دەربارەی و خۆئامادەکردن بۆ بانگەوازی یەکگرتووی 2009 بۆ عیراق بەردەوام بوو لە مانگی ئاب. هەروەها چەند وۆرکشۆپ سازکرا لە عەممان و بەغدا و هەولێر بە بەشداربوونی بەخشەران و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشانی تر لە عیراق و سەرتاپای ناوچەکە. هەروەها گفتوگۆکردن بەردەوام بوو لە گەڵ دەسەلأتداران و هاوبەشان لە ناوچەکە سەبارەت بە کۆڵەکە 2ی پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتوو بۆ دڵنیابوون لە دابین کردنی پێداویستیەکانی بەنابەرە عیراقیەکان لە وولاتە دراوسێکاندا بە شێوەیەکی کاریگەر. بانگەوازی یەکگرتووی 2009 بۆ عیراق، کە هەردوو کۆڵەکە دەگرێتەوە، لە مانگی تشرینی دووەم دەست پێدەکات.

لە ئاکامی ئەم گفتوگۆ و راوێژکاریانە، 4 پێشینەی ستراتیژی پەسەندکرا بۆ 2009. یەکەم: هاوبەشە مرۆڤایەتیەکان بە ئامانجی یارمەتی دانی زەرەرمەندترین کەسان بەهۆی شەڕوپێکدادان و جیاوازی رەگەزی و فەرامۆش کردن. دووەم: هاوبەشان بەردەوام دەبن لە پشتگیری کردنی حکومەتی عیراق و نوێنەرانی تر بۆ بەدیهێنانی پابەندێتی مرۆڤایەتی و چارەسەرکردنی پرسە سەرەکیەکانی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان. سەرباری ئەمەش، هاوبەشان سوود وەردەگرن لە زیادبوونی گەیشتن بۆ زامنکردنی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی فراوانتر و کاریگەرتر و بەرچاو لە عیراق، و دوایین پێشینە، کارکردن بەرەو زامنکردنی وەرگرتنی یارمەتی مرۆڤایەتی بەدەنگەوەهاتووی رەگەزی و یەکسان.

بانگەوازی یەکگرتووی عیراق 2008 ئێستا پارەی پێدەدرێت بە بڕی 149 ملیۆن دۆلار ( 55٪ ). یارمەتی وەرگیراوە لە عیراق و وولأتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و سوید و ژاپۆن و ئوسترالیا و نەرویژ و کەنەدا و ئەلمانیا و فینلەندا و کوێت و کۆمسیۆنی ئەوروپی ( ECHO ) و سویسرا و ئیتالیا و فەرەنسا و میرنشینە عەرەبیە یەکگرتووەکان و ئیرلەندا و دانیمارك و هۆڵەندا و کۆماری چیك، لە گەڵ بەخشەرانی تایبەت و بەخشەرانی جۆراوجۆری تر لە ڕێگای سندووقی ناوەندی بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕ ( CERF ) و سندووقی متمانەی عیراق ( ITF ) و تەرخان کردنی پارەی دیاری نەکراو لە لایەن ئاژانسەکانی UN.

**پارەدان بە پێی کەرت**

| کەرت | پارەدان |
|---|---|
| کشتوکاڵ/دەستەبەری خۆراك: | 1,5 ملیۆن دۆلار ( 18٪ ) |
| خزمەتگوزاریەکانی ڕێکخستن و پاڵپشتی کردن: | 5,5 ملیۆن دۆلار ( 80٪ ) |
| فێرکردن | 4,6 ملیۆن دۆلار ( 23٪ ) |
| خۆراك | 81 ملیۆن دۆلار ( 82٪ ) |
| تەندروستی و خۆراك پێدان: | 4,9 ملیۆن دۆلار ( 15٪ ) |
| نیشتەجێ کردن و پەناگە: | 21,6 ملیۆن دۆلار ( 57٪ ) |
| پاراستن/مافی مرۆڤ/ سالاری یاسا: | 14,2 ملیۆن دۆلار ( 55٪ ) |
| کەرتی تا ئێستا دیاری نەکراو ( لەوانە ERF ): | 10,6 ملیۆن دۆلار ( 53٪ ) |
| ئاو و ئاوەڕۆکان: | 5 ملیۆن دۆلار ( 24٪ ) |

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتووی عیراق CAP 2008، تکایە سەردانی ئەم سایتەبکە:

http://ocha.unog.ch/fts2/pageloader.aspx?page=emerg-emergencyDetails&appealID=808

## پاشكۆ

### پارێزگاكان لەگەڵ پرۆژە پەسەندكراوەكان لەلایەن ERF ( تا ئەیلولی 2008)




ژمارەی پرۆژەكان لەم نەخشەیە لە كۆی ژمارەی پرۆژە پەسەندكراوەكانی ERF تێپەڕدەبێت چونكە هەندێكیان لە پارێزگایەك زیاتر جێبەجێ دەكرێت

دانراوە لە لایەن OCHA، ئەیلولی 2008

**بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ERF، تكایە پەیوەندی بكە بە**

**لینا سونناع، خاڵی پەیوەندی بەخشین، sunna@un.org و/یا**

**كولیە محمد، ڕێكخەری پەیوەندی و هاوبەشی كردن و پاراستن mohamed36@un.org**

OCHA United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs